مەندەلاوی و بەڕێوەبەری گشتیی ئیسیسکۆ تاوتوێی بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری و هاوبەشی دووقۆڵیی نێوان عێراق و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەکەن

ئەمڕۆ هەینی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە وەکالەت، موحسین مەندەلاوی، لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و ڕۆشنبیریی جیهانی ئیسلامی، سالم بن محەمەد ئەلمالیک، باسیان لە بەهێزکردنی ئاستی هاوکاری و هاوبەشی دوولایەنە لە نێوان عێراق و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وەکالەت لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویکردۆتەوە" سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانی عەرەبی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە وەکالەت، موحسین مەندەلاوی لەگەڵ سالم بن محمد الملک، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی پەروەردەیی و زانستی و ڕۆشنبیریی جیهانی ئیسلامی (ئیسیسکۆ) کۆبووەتەوە و ژمارەیەک بابەت و فایلی جێی بایەخی هەردوولا، لەوانەش هاوکاریی دووقۆڵیی نێوان عێراق و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لەسەر بابەتگەلی پەیوەندیدار تاوتووێکران.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە" کە لە پەراوێزی بەشداریکردن لە کۆنگرەی پەرلەمانی بۆ هاوکاریی باشوور ـ باشوور ، کە لەلایەن مەغریب میوانداریکراوە مەندەلاوی و ئەلمالیک کۆبووینەتەوە و جەختیان کردووە لە گرنگی پەرەپێدانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام کە لە ئاستی ئەو گۆڕانکارییەکانی ئێستای جیهان بێت، هەروەها ڕێگاکانی بەهێزکردنی هاوبەشی نێوان هەردوولا و پلانەکان

و د□ستپ□شخ□ریی□کانی د□ستپ□کردنی ل□لای□ن □□کخراو□ک□و□ ل□ ژ□ر □□شنایی پ□شهات□کانی ئ□م دوایی□ی

ناوچ□ک□ و جیهاندا ت□ه□وه□ره□□کی دیکه□ی ک□بوونه□وه□ بووه□.